Dengekan

# ئەها ئەم کیژە چۆن سوتاوە ؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**




**تاکەی بسوتێ ئەم نیشتیمانە؟ تا کەی خەڵفی سەوزیمان دەکەنە سوتماك و سوتووی رەش؟ بۆ دامان ئەڕنن لە دایك؟ ئەرێ بەراست پۆلیسی دارستان و وەزارەتی ژینگە کاریان چییە و لە کوێن؟ ئایا ئەم شاخانە بەردەوام بسوتێن ئیدی شارمان بۆچییە؟ ئەم وێنە سوتاوە بنچکی دار بەڕوەکانی کوردەوارییە، کە ئەمساڵ زۆرترین سوتان رووی تێکردن و ئاگریان تێبەربوو، ئەمە ماڵی راستەقینەی کوردە، ئەمە کیژە جوان و رەسەنەکەی کوردەوارییەو حەقە لەسەر ئەم سوتانە کەمپین سازبکەین دژ بە توندوتیژی بنچك و دارو دەوەن و رەزو شاخەکانمان، ئەها چۆن ئاگر بەربۆتە جەستەی ئەم نیشتیمانە، ئەها مەمۆڵەکان و رومەتی ئاڵ و سنگی ئەسمەر چۆن رەش بۆتەوە؟ ئەها خەڵفە تازەکانی نیشتیمان وەك نەوەی نوێ وەك کیژە چاو بە فرمێسکەکان چۆن چاویان بریوەتە نیشتیمان و رۆندکیان تێزاوە، ئاخر بۆچی ئەبێت هەمیشە ئەم نەوەو خەڵفە تازانە بە هەتیوی گەورە بن، ئەم گەڵایانە تاوانیان چییە بەبێ دایك گەورەبن و لە ناو دوکەڵی رەش و بێئومێدیدا سەوزببنەوە، دەبا نیشتیمانمان خۆش بوێ، تکایە جگەرەکەت لابە و وورپای ئاگربە، تکایە ئەم شاخانە لە سوتان رزگارکەن، تکایە بۆ ساڵی ئایندە بەرنامەی تۆکمە دانێن، با چاوێکمان لە شاخ و چاوێکیشمان لە شاربێت..**